# ئامادەكاریی تیپەكان بۆ خولی نایابی یانەكانی كوردستان

**هەموو ساڵێك یەكێتیی ناوەندیی تۆپی پێی كوردستان بە بەرنامەیەكی تۆكمە وەرزی نوێی خولی نایابی یانەكانی كوردستان بەبەشداریی ١٤ یانەی شارەكانی كوردستان دەست پێدەكات، ئەمساڵیش یەكێتیی تۆپی پێی كوردستان لە هەوڵی تەواوكردنی بەرنامەكانی وەرزی ڕابردوودایە بۆ ئەوەی خولی نایابی كوردستان و پلە یەك و جامی كوردستان و پلە دووەكان و سەرجەم خولەكانی تر دەست پێبكات، یانەكانی كوردستانیش لە هەوڵی گۆڕینی یاریزانان و ڕاهێنەردان بۆ ئەوەی بتوانن تیپێكی بەهێز بۆ وەرزی نوێ ئامادە بكەن بۆ چوونە نێو كێبڕكێیەكانی خولی نایاب، بەڵام ئەمساڵ جیا لە ساڵان كێشەی دارایی ڕێگربووە لە ئامادەكاریی ژمارەیەك لە یانەكان بۆ ئەم مەبەستەش ئەم ڕاپۆرتەمان ئەنجامدا.**

كارزان كانەبی

سەمیر بابۆ ڕاهێنەری یانەی وەرزشیی هەولێر لە بارەی ئامادەكارییەكانی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: لە ئێستادا ئێمە وەكو تیپی خولی كوردستانی یانەی هەولێر هیچ ئامادەكارییەكمان نەكردووە هۆكارەكەشی بۆ قەیرانە داراییەكە دەگەڕێتەوە كە ماوەیەك ڕووی لە یانەكانی كوردستان كردووە، ئێمە مووچەی زیاتر لە چوار مانگی یاریزانانی خۆمان قەرزارین و لە هەمان كاتیشدا ٧٥٪ی بڕی گرێبەستی یاریزانانمان نەداوە، لە ئێستادا چۆن دەتوانین بە یاریزانان بڵێین ئێوە وەرن دەست بە مەشقەكان بكەن، هیچ یاریزانێكمان دەست لێ نەداوە لە دوورخستنەوە و هێنانی یاریزانان، وەكو تیپی كوردستانیش لە ئێستادا هیچ بەرنامەیەكمان نییە، ئێمە وەكو یاریزانان و دەستەی ڕاهێنەرانی خولی كوردستانی یانەی هەولێر لە چاوەڕوانی بڕیارێكی دەستەی كارگێڕیی یانەكەین بۆ ئەوەی چارەنووسی ئێمە دیاری بكات، چونكە ژمارەیەك لە یانەكان لە ئێستادا لە هەوڵی ئامادەكاریدان.

لەبارەی ئامادەكاریی یەكێتیی تۆپی پێی كوردستانیش دڵشادساڵح ئەندامی یەكێتیی ناوەندیی تۆپی پێی كوردستان بۆ گوڵان گوتی: تا ئێستا هیچ ئامادەكارییەكمان نەكردووە بۆ دەست پێكردنەوەی خولی نایابی یانەكانی كوردستان، لە چاوەڕوانی ئەنجامدانی كۆنفرانسی وەرزشین و نوێنەری یانەكانیش بەشدار دەبن لە پاش كۆنفرانسیش بەرنامەی خۆمان دەبێت، لە ئێستادا لە هەوڵی تەواو كردنی بەرنامەكانی خۆمانین، چونكە تاكو ئێستا پاڵەوانێتیی تۆپی پێی هەڵبژاردەی پارێزگاكانمان ئەنجام نەداوە و یاریی كۆتایی خولی پلە سێ كوردستانمان ماوە ٩-٨پاڵەوانێتیی لاوانی هەڵبژاردەی شارەكان لە دهۆك ئەنجام دەدەین، لە ٢٣-٩لە شاری سلێمانی پاڵەوانێتیی تازەپێگەیشتووانی





شـــارەکان ئەنجام دەدەین، ئەوکات سەرجەم چالاکییەکانمان بە کۆتادێت، ئەوکات دەست دەکەین بە دانانی بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ خولی تۆپی پێی نایابی یانەکانی کوردســـتان، بەر لە ئەنجامدانی خولەکانیش لەگەڵ ســـەرجەم نوێنەری یانەکانی بەشدار لە خولەکە کۆ دەبینەوە، تاکوئێستاش هیچ کێشەو گرفتێکمان نەهاتۆتە پێش بۆ هیچ ئەگەرێك لەسەر خولی کوردستان.

ســـلێمان رمـــەزان راهێنەری یانەی زێرەڤانـــی پاڵەوانی وەرزی ڕابردوو بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: لەئێستادا ئێمە دەســـتمان بە ئامادەکارییەکان کردووە، بەڵام بە شێوەیەکی ســـەرەتایی نەك ئامادەکاریی زۆر و هیـــلاك بوونی زۆر، چونکە ئێمە لە هەوڵی کۆکردنەوەی یاریزانانی خۆمانین لە یانەکانی تر، ئەمساڵێش ئێمە جیا لە ساڵان تیپەکەمان سەر بـــە زێرەڤانییە ئەوانیش لە بەرەکانی جەنگن، بۆیە ناتوانین هەمـــوو ئەرکەکانی خۆمان بەجێ بهێنین لە وەرزش کردن، گوتیشی ئەمســـاڵ جیاواز دەبین لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو ئێمە زیاتر پشـــت بە یاریزانانی لاوانی خۆمان دەبەســـتین لە بڕی یاریزانانی شـــارەکانی تری هەرێمی کوردستان و عێراق، چونکە بارودۆخی دارایی یانەکان هەندێك خراپە و ئێمەش بەردەوام دەبین لە کۆکردنەوەی یاریزانان، لە ئێستادا ئامادەکارییەکانمان چڕ دەکەینەوە بەهۆی ئەوەی لە مانگی ڕابردوو وەکو پێویست نەبووین چونکە مانگی ڕەمەزان بوو، هیچ کێشـــەو گرفتێکمان نییە لە رووی تیپەکەوە جگە لە بارودۆخی دارایی چونکە هەموو تیپەکان دووچاری هاتن، ئەمســـاڵیش دەمانەوێ پارێزگاریی لە نازناوەکانی وەرزی ڕابردوو بکەین بە پشـــت بستن بە یاریزانانی تیپەکەمان کە هەموویان ئاستیان بەرزە.

سەردار ســـاڵح راهێنەری یانەی وەرزشـــیی سلێمانی بە گۆڤـــاری گوڵانـــی راگەیاند گوتی: ئێمە تاکو ئێســـتا ئامادەکارییەکانمان دەست پێنەکردووە وەکو یانەی سلێمانی هۆکارەکەشـــی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کـــە تیپی تۆپی پێی یانەی سلێمانی بەشـــداری لە خولی عێراقی کردووە، هەر بەم هۆیەشـــەوە ژمارەیەك لە یاریزانانی خولی کوردســـتان لەگەڵ تیپی عێراق بەشدارن بۆیە ئامادەکارییەکانمان ئەنجام نـــەداوە، چونکە چڕ و پڕ نەدەبوو، بـــەڵام لە دوای تەواو بوونـــی یارییەکانی خولی پلە یەکی عێراقی ئێمە دەســـت دەکەینەوە بە بەرنامە چڕ و پڕەکانی خۆمان بە پشتن بەستن بە پلانی تایبەت بە بەرزکردنەوەی ئاستی وەرزشیی یانەی سلێمانی، لە ئێســـتادا گرفتی ئەوتۆمان نییە هەر چەندە ئێمە تاکو ئێســـتا بەفەرمی دەست بەرداری هیچ یاریزانێك نەبووینە، بەڵام ئێمە هەوڵ دەدەین کۆمەڵێ یاریزانی بەتوانا بهێنینـــە ریزی یانەی ســـلێمانی وەکو ســـاڵی ڕابردووش بتوانین ئەنجامی باشتر لە وەرزی ڕابردوو بەدەست بهێنین، ئەمســـاڵیش دەمانەوێ جیاواز بین لە ساڵانی ڕابردوو بۆ ئەوەی کۆمەڵێك یاریزانی لاوی تیپەکەمان سەربخەین تاکو زیاتـــر یاریزانانی خۆمان پێش بخەین، ســـەردار لە بارەی کێشـــەی داراییش گوتی: ئێســـتا گرفتی دارایی لەلایەن یانەکانی کوردستانەوە بۆتە گرفتێك کە ڕەنگە ڕەنگدانەوەی تایبەتی خۆی هەبێت لەســـەر یانەکانی کوردستان، ئەگەر بکرێت بەرنامەیەکی تایبەت دابنرێ بۆ چارەســـەرکردنی ئەم گرفتە داراییە، جێگای ئاماژە پێکردنە وەرزی ڕابردوو یانەی زێرەڤانی نازناوی خولەکەی بەدەست هێنا و هەریەك لـــە یانەکانی ئاڵا و هەڵۆ دابەزیـــن بۆ ریزی پلە یەکەکان و هەردوو یانەی برایەتی و بروســـکیش سەرکەوتن بۆخولی نایابی یانەکانی کوردستان، پێشبینیش دەکرێ وەرزی نوێ وەرزێکی بەهێز بێت بۆ یانەکانی ئەمساڵ.





# هەڵبژاردەی ئەڵمانیا

## مێژوویەکی پڕ سەروەری داهاتوویەکی پڕشنگدار

یارییەکانی مۆندیالی بەرازیلی ٢٠١٤ کۆتایی هات و لەدوای ململانێیەکی بەهێز لە نێوان ٣٢ هەڵبژاردە بۆ ماوەی ٣١ ڕۆژ، هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بەشایستەیی نازناوەکەی بۆ جاری چوارەم لە مێژوویدا بەدەستهێنا و لاپەڕیەکی دیکەی لەمێژووی تۆپی پێی جیهانی نووسیەوە، لەم مۆندیالەدا و سەرەڕای بوونی چەندین هەڵبژاردەی بەهێز بەڵام هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بەئاستێکی نموونەیی بەدیارکەوت بەبوونی ڕاهێنەرێکی بەتوانای وەك یواکیم لۆف کە متمانەی تەواوی بەخۆی و دەستەی ڕاهێنەران هەبوو لەگەڵ کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانا و لەسەرجەم یارییەکاندا ئاستێکی جێگیری پێشکەش کرد تا یاریی کۆتایی بەرامبەر ئەرژەنتین.
ڕێژەی تەمەنی یاریزانانی ئەڵمانیا لەگەڵ بوونی خولێکی بەهێز و کانیاوی یاریزانان وا لەم هەڵبژاردەیە دەکات کەباڵا دەست بێت لەسەر نەخشەی تۆپی پێی جیهانی، چاودێران پێیان وایە ئەڵمانیا لەیۆرۆی ٢٠١٦ و مۆندیالی ٢٠١٨ لە پاڵێوراوە سەرەکییەکان دەمێنێتەوە بۆ بەدەست هێنانی نازناوەکان.

### * مێژووی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا

لەساڵی ١٩٠٠ یەکێتی تۆپی پێی ئەڵمانیا دامەزرا بەهەوڵی چەند یانەیەکی باشووری ئەم وڵاتە و دواتر لە ساڵی ١٩٠١ یەکەم هەڵبژاردەی ئەڵمانیا پێکهێنرا بەبێ ئەوەی بتوانن هیچ یارییەکی نێودەولەتی ئەنجام بدەن، لەساڵی ١٩٠٤ لەگەڵ دامەزراندنی یەکێتی تۆپی پێی جیهانی (فیفا)، ئەڵمانیا بوو بەئەندام، لەگەڵ ئەوەشدا یەکەم یاری نێودەولەتی دواکەوت تا ساڵی ١٩٠٨، لە ڕۆژی ١٩٠٨/٤/٥ هەڵبژاردەی ئەڵمانیا یەکەم یاری نێودەولەتی لەشاری بازل ئەنجامدا بەرامبەر هەڵبژاردەی سویسرا و تووشی دۆڕاندن هات بە ئەنجامی (٥-٣) گۆڵ، لە دوای ئەم یارییە ئەڵمانیا بەرامبەر ئینگلتەرا و نەمسا دۆڕا، لە ڕۆژی ١٩٠٩/٤/٤ ئەڵمانیا یەکەم سەرکەوتنی لە مێژوودا تۆمار کرد بەرامبەر سویسرا بە گۆڵێکی بێ بەرامبەر.
لەساڵی ١٩١٢ بۆ یەکەمجار هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بەشداری لەپاڵەوانەتییەکی فەرمی کرد کە ئۆلۆمپیادی ستۆکهۆلم بوو بەڵام هەر زوو لە قۆناغی یەکەمەوە ماڵئاوایی کرد، لەساڵی ١٩٣٠ ئەڵمانیا بانگهێشتکرا بۆ بەشداریکردن لەمۆندیالی ئۆرگوایی بەڵام بەهۆی دووری ڕێگاوە بەشداری نەکرد و لەساڵی ١٩٣٤ بەشداری لەمۆندیالی ئیتالیا کرد و پلەی سێیەمی بەدەستهێنا و لەو کاتەوە ئەڵمانیا هێزێکی کاریگەری تۆپی پێی جیهانیە، گەورەترین سەرکەوتنی ئەڵمانیا بەرامبەر روسیا بوو لە ١٩١٢/٧/١



بەئەنجامی (١٦-٠) گۆڵ، گەورەترین دۆڕاندنیش بەرامبەر ئینگلتەرا بوو لە ١٩٠٩/٣/١٦ بە ئەنجامی (٩-٠) گۆڵ، ئەڵمانیا بەشداری لە ١٨ مۆندیال کردووە تەنها لەهەردوو مۆندیال ١٩٣٠ و ١٩٥٠ بەشداری نەکردووە .

*** دەسکەوتەکانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا**

ئەڵمانیا یەکێکە لەو هەڵبژاردانەی کە زۆرترین دەسکەوتی بەدەست هێناوە چ لەسەر ئاستی جامی جیهانی یان لەسەر ئاستی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا .

- جامی جیهانی

هەڵبژاردەی ئەڵمانیا چوار جار جامی جیهانی بەدەستهێناوە

١- ساڵی ١٩٥٤ لە مۆندیالی سویسرا لەیاری کۆتایی لەهەنگاریای بردەوە بەئەنجامی (٣-٢) گۆڵ

٢- ساڵی ١٩٧٤ لە مۆندیالی ئەڵمانیا لەیاری کۆتایی لە هۆڵەندای بردەوە بەئەنجامی (٢-١) گۆڵ

٣- ساڵی ١٩٩٠ لە مۆندیالی ئیتالیا لەیاری کۆتایی لە ئەرژەنتینی بردەوە بەئەنجامی (١-٠) گۆڵ

٤- ساڵی ٢٠١٤ لە مۆندیالی بەرازیل لەیاری کۆتایی لە ئەرژەنتینی بردەوە بەئەنجامی (١-٠) گۆڵ

ئەڵمانیا لەمۆندیالەکانی ١٩٦٦ و ١٩٨٢ و ١٩٨٦ و ٢٠٠٢ پلەی دووەمی بەدەست هێناوە و لە مۆندیالەکانی ١٩٣٤ و ١٩٧٠ و ٢٠٠٦ و ٢٠١٠ پلەی سێیەمی بەدەست هێناوە و لەمۆندیالی ١٩٥٨ پلەی چوارەمی بەدەست هێناوە

- جامی نەتەوەکانی ئەوروپا

هەڵبژاردەی ئەڵمانیا سێ جار جامی نەتەوەکانی ئەوروپای بەدەستهێناوە

- ساڵی ١٩٧٢ لە یۆرۆی بەلژیکا لەیاری کۆتایی لە یەکێتی سۆڤیەتی بردەوە بەئەنجامی (٣-٠) گۆڵ

٢- ساڵی ١٩٨٠ لە یۆرۆی ئیتالیا لەیاری کۆتایی لە بەلژیکای بردەوە بەئەنجامی (٢-١) گۆڵ

٣- ساڵی ١٩٩٦ لە یۆرۆی ئینگلتەرا لەیاری کۆتایی لە کۆماری چیکی بردەوە بەئەنجامی (٢-١) گۆڵ

ئەڵمانیا لە یۆرۆکانی ١٩٧٦ و ١٩٩٢ و ٢٠٠٨ پلەی دووەمی بەدەست هێناوە و لەیۆرۆکانی ١٩٨٨ و ٢٠١٢ گەیشتە قۆناغی پێش کۆتایی .

*** راهێنەرانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا**

لە مێژوودا ئەم راهێنەرانە ئەرکی راهێنانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیان وەرگرتووە :

١- ئۆتۆ نێرز لە ساڵی ١٩٢٣ تا ساڵی ١٩٣٦
٢- سیب هێربێرگەر لە ساڵی ١٩٣٦ تا ساڵی ١٩٦٤
٣- هیلمۆت شۆن لە ساڵی ١٩٦٤ تا ساڵی ١٩٧٨
٤- بۆب دێرڤال لە ساڵی ١٩٧٨ تا ساڵی ١٩٨٤
٥- فرانز بیکنباوەر لە ساڵی ١٩٨٤ تا ساڵی ١٩٩٠
٦- بێرتی فۆگتس لە ساڵی ١٩٩٠ تا ساڵی ١٩٩٨
٧- ئەریك ریبیك لە ساڵی ١٩٩٨ تا ساڵی ٢٠٠٠
٨- رۆدی ڤۆلەر لە ساڵی ٢٠٠٠ تا ساڵی ٢٠٠٤
٩- یۆرگن کلینزمان لە ساڵی ٢٠٠٤ تا ساڵی ٢٠٠٦
١٠- یواکیم لۆف لە ساڵی ٢٠٠٦ تا ئێستا



## قەیرانی دارایی یانەی هەولێر بەردەوامە

# هەولێرییەکان خۆیان بۆ جامی یەکێتیی ئاسیا ئامادە دەکەن




وا بڕیارە لە ٢٠١٤/٨/١٩ یارییەکانی قۆناغی ٨ی جامی یەکێتیی ئاسیا بۆ تۆپی پێی ئەنجام بدرێت، کە تیاییدا تاکە نوێنەری عێراق و کوردستان یانەی هەولێر یەکەم یاری خۆی بەرانبەر یانەی ( تی تی هانۆی) ڤێتنامی ئەنجام دەدات لە وڵاتی ڤێتنام، بە پێی تیروپشکەی پاڵەوانێتیەکە یانەی هەولێر لەبەردەم چانسێکی گەورە دایە، بۆ ئەوەی بتوانێت بگاتە یاریی کۆتایی پاڵەوانێتییەکە و بۆ یەکەم جار نازناوی جامی یەکێتیی ئاسیا بە دەستبهێنێت.

ڕێبین ڕەمزی

**قەیرانی دارایی یانەی هەولێر بەردەوامە**

بە پێی سەرچاوەکان قەیرانێکی دارایی گەورە رووی لە یانەی هەولێر کردووە و بووە هۆکاری ئەوەی، کە یانەکە نەتوانێت گرێبەست لەگەڵ یاریزانی تازە مۆربکات بۆ ئەوەی تیپەکەی بەهێز بکات لە پاڵەوانێتیەکە ئەمەش کێشەیەکی گەورەی بۆ راهێنەر و ئەندامانی دەستەی کارگێری یانەکە دروست کردووە لە هەمان کاتدا یانەی هەولێر یارییەکانی خۆی لە پاڵەوانێتیەکە لە دەرەوەی کوردستان ئەنجام دەدات بەهۆی ئابلوقەی وەرزشی لەسەر عێراق ئەمەش کێشەیەکی ترە بۆ یانەکە دروست بووە دەبێتە بار بەسەر یانەکە، بۆیە دەستەی کارگێری یانەی هەولێر هانای بۆ چەند لایەنێك بردووە تاکو هاوکاری یانەکە بکەن تا لەم قەیرانە داراییە رزگاریان بکات و بتوانن لە جامی یەکێتی ئاسیا بە باشترین شێوە بەشداری بکەن، تا ئێستا هەوڵی یانەکە بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە داراییە سەرکەوتوو نەبووە و گرێبەست و مووچەی مانگانەی یاریزانەکانی نەداوە.

**هەولێر یارییەکانی لە لوبنان ئەنجام دەدات**

دوای ئەوەی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا بەفەرمی ئابلوقەی وەرزشی لەسەر عێراق چەسپاند هەرچەندە هەوڵێکی زۆر هەیە، کە یارییەکانی یانەی هەولێر لە جامی یەکێتی ئاسیا بگەرێتەوە هەولێری پایتەخت، بەڵام تا ئێستا هیچ بڕیارێکی فەرمی لەمبارەیەوە نەدراوە، بۆیە یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا داوی لە یانەی هەولێر کرد یاریگایەك لە دەرەوەی عێراق هەڵبژێرێت بۆ ئەنجامدانی یارییەکانی لە جامی یەکێتی ئاسیا، یانەی هەولێر بەفەرمی بڕیاری دا یارییەکانی لەم پاڵەوانێتیە لە یاریگەی شاری وەرزشی بەیروت (کەمیل شەمعون) لە وڵاتی لووبنان ئەنجام بدات.

**هەولێر گۆڕانکاری لە پیشەگەرەکان دەکات**

دەستەی راهێنەرانی یانەی هەولێر بڕیاری دا گرێبەستی هەردوو یاریزانی پیشەگەر (نەدیم سەباغ) بە رەگەز سووری و (گۆتۆر) بە رەگەز ئیسپانی نوێبکاتەوە بۆ ئەم وەرزە و هەروەها بەفەرمی یانەکە دەستبەرداری هەردوو یاریزانی پیشەگەر (بورهان ئەحمەد صهیۆنی) سوری و (رۆبیاتۆ)ی ئیسپانی ببێت و هەروەها راهێنەری لێهاتووی جەستەیی یانەکە (گۆنزالۆ) کە بەرەگەز ئیسپانییە رووی لە وڵاتی قەتەر کرد، بۆیە دەستەی کارگێری یانەکە بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ دوو یاریزانی پیشەگەری ئیسپانی مۆرکرد ئەویش هەریەکە لە یاریزانان (ئیڤان کارێل)، کە لە هێڵی هێرشبەر یاری دەکات و ( ڤیکتۆر مانویل)، کە لە هێڵی ناوەڕاست یاری دەکات و هەروەها بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ راهێنەرێکی لێهاتووی جەستەیی ئیسپانی (ئەلبیرتۆ مارتنیز) مۆرکرد.

**متمانە بە دەستەی راهێنەران نوێکرایەوە**

بەفەرمی دەستەی کارگێری یانەی هەولێر متمانەی بە دەستەی راهێنەرانی یانەکە بۆ وەرزی نوێ نوێکردووە، کە تیاییدا راهێنەر ئەیوب ئۆدیشۆ وەکو راهێنەر و جەلیل زێدان وەکو راهێنەری گۆڵچی لە کارەکانیان بەردەوام دەبن و هەروەها بەفەرمی سەعدی تۆما یاریدەدەری راهێنەر گرێبەستەکەی نوێنەکرایەوە و یانەکەی جێهێشت تا ئێستا هیچ کەسێك وەکو یاریدەدەری راهێنەر دەستنیشان نەکراوە.

دەستەی راهێنەرانی یانەی هەولێر بەفەرمی بڕیاریدا متمانەی خۆیان بە گشت یاریزانەکانی یانەکە نوێبکەنەوە بۆ ئەوەی لە وەرزی داهاتوو بە درێسی یانەکە یاری بکەن هەرچەندە زۆربەی یاریزانەکان گرێبەستیان لەگەڵ یانەی هەولێر تا کۆتایی جامی یەکێتی ئاسیایە بۆیە هەریەکە لە یاریزانان (جەلال حەسەن، سەرهەنگ موحسین، نەریمان خدر، دیدار حامد، دلێر حاتەم، کۆسرەت بایز، دیار رەحمان، هەردی سیامند، میران خەسرۆ، بارزان شێرزاد، سیروان خدر، فەرحان شکور، نەبیل سەباح، سەعد عەبدولئەمیر، عەلی فائز، بورهان جومعە، موسەنا خالید، لوئە سەلاح، ئەمجەد رازی، هاوار مەلا محەمەد، هەڵگورد مەلا محەمەد) لە ریزی یانەکە بەردەوام دەبن بۆ ئەوەی جامی یەکێتی ئاسیا تەواو بکەن.

**هەولێر گرێبەستی لەگەڵ دوو یاریزان مۆرکردووە**

لەسەر داوای دەستەی راهێنەرانی یانەکە، یانەی هەولێر بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی یانەی قوە جەوییە ئەحمەد محەمەد بۆ ماوەی یەك وەرز مۆرکرد، ئەم یاریزانە لە هێڵی بەرگری باڵی راست یاری دەکات و هەروەها بەفەرمی یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر حاتم زێدان گەڕایەوە یانەی هەولێر دوای ئەوەی بەشێوەی خواستن بۆ ماوەی دوو وەرز لە یانەی زاخۆ یاری دەکرد.

**خشتەی یارییەکان**

خشتەی یارییەکانی جامی یەکێتی ئاسیا بۆ تۆپی پێی لە قۆناغی ٨ و پێش کۆتایی و یاری کۆتایی بەمشێوەیە.

یارییەکانی قۆناغی هەشت چوون (٢٠١٤/٨/١٩)

١-هانۆی تی تی ڤێتنام - هەولێر
٢-ڤیسای نی نی ڤێتنام - کیتچی هۆنگ کۆنگ
٣- قادسیە کوەیت - حەد بەحرێن
٤- کوەیت کوەیتی - پرسیبۆرا جایابۆرا ئەندنووسیا

یارییەکانی قۆناغی هەشت هاتن (٢٠١٤/٨/٢٦)



١- هەولێر - هانۆی تی تی ڤێتنام
٢- کیتچی هۆنگ کۆنگ - ڤیسای نی نی ڤێتنام
٣- حەد بەحرێن - قادسیە کوەیت
٤- پرسیبۆرا جایابۆرا ئەندنووسیا - کوەیت کوەیتی

یارییەکانی پێش کۆتایی چوون (٢٠١٤/٩/١٦)

١- براوەی یاریی یەکەمی قۆناغی هەشت- براوەی یاریی دووەمی قۆناغی هەشت
٢- براوەی یاری سێیەمی قۆناغی هەشت - براوەی یاری چوارەمی قۆناغی هەشت

یارییەکانی پێش کۆتایی هاتن (٢٠١٤/٩/٣٠)

١- براوەی یاریی دووەمی قۆناغی هەشت - براوەی یاری یەکەمی قۆناغی هەشت
٢- براوەی یاریی چوارەمی قۆناغی هەشت - براوەی یاری سێیەمی قۆناغی هەشت

یاری کۆتایی (٢٠١٤/١٠/١٨)

١- براوەی یاریی یەکەمی یاری پێش کۆتایی - براوەی یاری دووەمی یاریی پێش کۆتایی

